www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا0:29 2006-7-5

## مەرگ لە پێناو عەشقدا ... خوێندنەوەیەک بۆ شانۆنامەی رۆمیۆ و جولێت-ی شکسپیر ... ئارام صدیق



خۆشەویستی هەمیشە هەڵگری زۆرترین پێناسەو تێڕوانینی جیاواز بووە، هەمیشە زیاد لەڕەهەندێکی قسە لەسەرکردنی لەخۆگرتووە، هەموو فەیلەسوف و نوسەرانی دنیاش تێڕوانین و پێناسەی جیا جیان لەمەڕ ئەم چەمکە خستۆتە روولەم روانگەیەوە دەمەوێ سەرەتا رای چەند نوسەر و بیرمەندێک بخەمە روو لەسەر ئەم چەمکە. (جۆن ساند) لەمەڕ خۆشەویستی دەڵێت، خۆشەویستی بکەن، لەژیانی مرۆڤدا هیچ شتێک لەخۆشەویستی جوانترنیە. لای جۆن ساند خۆشەویستی باڵاترینی هەموو جوانیەکانی ژیانە، بۆیە هانی مرۆڤەکان دەدات بۆ خۆشەویستی. (ئەفلاتون) ی فەیلەسوفیش خۆشەویستی بەتاکە فاکتەری بەختەوەری دادەنێ، بەڵام خۆشەویستی چەند مرۆڤەکان بەختەوەر بکات دواجار بێئازاریش نیە، لەلایەکی ترەوە زۆر نوسەر خۆشەویستی بەپەیوەندیەکی سنوردار دەبینن (پوشکین) لەم بارەیەوە دەڵێت، کەسێک سنور بۆخۆشەویستی دانەنێت لەبنەڕەتدا لەخۆشەویستی نەگەیشتووە. کەواتە ئەگەر خۆشەویستی لەسنوری خۆی تێپەڕاند، رەنگە زیانی هەبێ و ببێتە هۆی کێشە بۆ مرۆڤ. (هەمەنگوای) یش لە وتەیەکدا دەڵێ؛ ئەگەرنەبی بە خۆشەویستم لەسەر درەختی لە دایکبوون خۆم دەخنکێنم. لێرەدا هەمەنگوای مانایەکی ئەبەدی ئەداتە عەشق و پێیوایە ئەگەر مرۆڤ ئەوەی خۆشی دەوێ و بەرامبەرەکەی خۆشی نەوێ و ژیانیش بگەڕێتەوە سەرەتای لە دایکبوونەوە ئەوا خۆکوشتن باشترین رێگەچارەیە، چونکە ئەو ژیانی بێ عەشق بە خۆی رەوا نابینێ. رەنگە هەر ئەم رایە وای لەم نوسەرە کردبێ خۆی بکوژێ.. !؟

دەکرێ لەم پێشەکیەوە بچینە سەر خوێندنەوەیەکی خێرای شانۆنامەی (رۆمیۆ و جولێت) ی (شکسپیر) ، بێگومان شکسپیر یەکێکە لە دەنگە هەرە دیارەکانی ئەدەبی ئینگلیزی و بە یەکێک لە شانۆنامەنوسە هەرە دیارەکانی جیهانیش دادەنرێت و شانۆنامەی (رۆمیۆ جولێت) یش ناوبانگێکی جیهانی مەزنی هەیە، چەند جارێک لەسەر تەختەی شانۆ جیهانیەکان نمایشکراوە و لەسەر شانۆی کۆلیژی ئادابی زانکۆی موسڵیش لەلایەن تیپێکی شانۆیی بەریتانیەوە نمایش کراوە.

شانۆنامەکە باس لە خۆشەویستی رۆمیۆ و جولێت دەکات، کەهەریەکەیان لەبنەماڵەیەکی سەرمایەدارن رۆمیۆ زۆر ترسی لەخۆشەویستیەکەهەیەو خەمی دابڕانیانە لەیەکتری، بۆیە رۆمیۆ لەسەرەتای پەیوەندیدا بەجولێت دەڵێت؛

ئەوین دووکەڵێکە کە لە هەڵمە دووی هەناسان پەیدایە
پاک بکرێتەوە، گڕێک لە دوڕچاوی دڵداران لەبریسکە دایە
بشێوێنرێت، دەریایەک بەفرمێسکی دڵداران هەڵسایە
دەبێ لەوە زێتر چیدی بێت، شێتیەکی هەر ژیرانەیە،
تاڵیەکی مرۆڤ خنکێن و شیرینیەکی پارێزەرانەیە.

ئەگەر ورتر رۆبچینەناو ئەو دیالۆگانەی لەنێوان (رۆمیۆ و جولێت) دا هەیە دەبینین پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ئەم دوو مرۆڤە ئەوەندەی لەسەر هەستێکی پاکی خۆشەویستی پێکهاتووە، ئەوەندە لەسەر ماددە و جوانی رواڵەت بنیاد نەنراوە، ئەوەندەی پەیوەندیەکە رۆحیە، ئەوەندە پەیوەندیەکە جەستەی نیە، هەربۆیە ئەم شانۆنامەیە توانی لەسەر ئاستی جیهاندا ناوبانگێکی نەمر بۆ خۆی مسۆگەر بکات، لەم چیرۆکەدا، شکسپیر ویستوویەتی بڵی دڵداری و پێوەندی مرۆڤایەتی لەنێوان مرۆڤدا، دوو شتی زۆر بەهێزن جیهانێکی جیاوازی نێوان دوو مرۆڤ لە رێی عیشقەوە دەخولقێنێ.

لەم شانۆنامەیەدا شکسپیر دیمەنی وەهای خولقاندووە بۆ پیشاندانی رقوکینەی مرۆڤ بەرامبەر بە یەکتری، بەڵام لەگەڵڕ هەموو ئەمانەشدا، دیمەنی هەست بزوێن و ئەویندارى وای خولقاندووە، کە بە گوزەرکردن بەسەریدا دەگەینە ئەو رایەی کە عەشق سنوور نازانێ و هەموو کۆت و بەندەکانی خێلڕ وکۆمەڵگا و خێزانیش رەتدەکاتەوە و هیچ کام لەمانە ناتوانن رێگربن لە دروستبوونی ئەو پەیوەندیەدا

لەکۆتاییدا (رۆمیۆ و جولێت) دەگەنە ئەو ئەنجامە کە شارەکە جێبێڵن و بەرەو ناوچەیەکی تر بڕۆن، چونکە بەهیچ شێوەیەک (رۆمیۆ) ناتوانێ ئەم کچە لەناو عەشیرەتی خۆی مارە بکات. شکسپیر چیرۆکەکە بەشێوەیەک بەڕێوە دەبات کە (لەناکاو) ی زۆری تێدایەو بەتراژیدیاش کۆتایی دێت. پلانەکەیان ئەوەبوو کە هەردووکیان دەبێ بڕۆن و لەلای قەشەیەک مارە بکرێن، بۆیە لەگەلڕ قەشەیەکدا رێک دەکەون کە لەدەرەوەی شار لە (دێرێک) مارە بکرێن و پاشان کۆچ بکەن. بۆ بەدبەختی (رۆمیۆ) قەشەکە دەرمانێکی خەوتن دەداتە (جولێت) وجولێتیش لەوێ لەسەر کورسییەک خەوی لێدەکەوێ. پاش ماوەیەک (رۆمیۆ) دەگاتە ئەوێ و سەیردەکا (جولێت) لەوێ کەوتووەو وادەزانێ (جولێت) خۆی کوشتووەو مردووە، بۆیە دەست بەجێ رۆمیۆش دەکوژێت، پاشان (جولێت) بەخەبەر دێتەوە کە دەبینێ (رۆمیۆ) خۆی کشتووە، دەست بەجێ ئەویش خۆی دەکوژێت. لێرەدا کۆتاییەکە تراژیدی دەبێ، چونکە قارەمانانی چیرۆک، هەردووکیان نەمان و لە پێناوی عەشقی یەکتردا لەناو چوون.

لێرەدا بلیمەتی شکسپیر بەدەر دەکەوێ، لەو رووەوە رووداوەکان یەک لەدوای یەکتری گرێی چنییوەو لەسەرەتاوە تا دەگاتە ئەنجام و کۆتایی دەکرێت ئاماژەش بەوە بدەین نووسەر هەموو ئەم شانۆییەی بەشیعر داڕشتووە، هەربۆیەش رەخنەگرەکان بەجوانترین شیعری لیریکی تەماشای دەکەن، دواجار دەتوانین بڵێین وەرگێڕی ئەم دەقەی بە ئەمانەتیەکی زۆرەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەستخۆشی بۆ (ئازاد حەمە شەریف) ی وەرگێڕو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.